www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:10 1-2-2007

## ڕۆڵی رابەرانی ئایینی لە بزاڤی رزگاریخوازی کورددا: شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری وەک نموونە ... ئاسۆ ئازاد سەراوی

(بەشی دووەم)

بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتانە لە میللەتی کورد بگەن و بە چاوێکی دوژمنانەوە سەیری کورد نەکەن، باوەڕ بەو کتێب و ڕاپۆرتانە نەکەن، کە گەریدە و مسیۆ نێرەکان بەهۆی کارتێکردنی کاربەدەستانی حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە پێیان گەیشتبوو، بڕوا نەکەن و بە هەڵوێستی خۆیاندا بچنەوە.

شێخ پێی وا بوو تاقە دەرمانی چارەسەرکردنی ڕۆژی ڕەشی کورد دامەزراندنی کوردستانێکی گەورەیە، ئەویش بە یەکخستنی کوردەکانی ئێران و کوردەکانی سنوری عوسمانییە و، لە یەکەمین بەیاننامەی نووسراوی شێخدا و بە یەکێك لە نوێنەرانی هێزە ڕۆژئاواییەکان دەڵێت: (میران و سەرانی کوردستانی چ لە تورکیا لە کوردستان چ لە ئێران، هەر هەموویان ڕایان وایە ناکرێ بەم جۆرە لەگەڵ دوو حکومەتدا هەڵبکرێ، دەبێ کارێك بکرێت کە دەوڵەتانی ئەوروپا لە دۆزەکە ئاگادار بن و لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن کە خەڵکی کورد نەتەوەیەکی جیایە، ئێمە دەخوازین کاروباری خۆمان لە دەستی خۆماندا بێت) .

ئینجا وەخۆکەوت و نوێنەری ناردە لای پیاوە چالاکەکان و زانایانی کوردستان لە شارەکانی ڕەواندوز و موسڵ و هەولێر و وان و دیاربەکر و بەدلیس و ورمێ و سنە و سابڵاخ و سەرۆك هۆزە گەورەکانی کوردی بانگ کرد و داوای لێکردن بۆ تێکۆشان و یەکخستنی کوردستان ئامادە بن، ئەوە بوو لە ساڵی (1880) دا دوو کۆنفرانسی بۆ سەرانی خێڵە کوردەکان گرێ دا و کۆمەڵەیەکی کوردی دروست کرد، کە ناوی (ئەنجومەنی کورد) بوو و پێکهاتبوو لە نەتەوەپەروەرانی کوردی، ڕەنگە ئەمە سەرەتای پێکەوەژیانی ڕێکخستن و کۆمەڵەی سیاسی بێ لە نێو کورددا.

نزیکەی (220) سەرۆك هۆز و پیاوی ئاینی بە سەرۆکایەتیی شێخ لە شەمزینان کۆبوونەوە، هەتاوەکو نەخشە بۆ دەستپێکردنی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی دابنێن، شێخ هەوڵی دا سود لە بەسەرهاتی شۆڕشەکانی پێش خۆی وەربگرێت و ئەمیش نەکەوێتە هەمان هەڵەوە، لەم پێناوەشدا چەند هەنگاوێکی نا:

1ـ پەیوەندیکردن بە سەرۆك عەشیرەت و دەسەڵاتدارانی کوردەوە، بۆ ئەوەی بە هێز و توانای هەموو لایەك ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوە، وەکو ئەو تەقەلایەی لە (بەدرخانیش) دای لە کاتی خۆیدا بۆ ئەوەی دەرفەت بە هیچ کەلێنێك نەدرێت کە ڕەنگە لە پاشاندا ڕووبدات.

2ـ شێخ هەوڵی دا پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کریستیانەکان بەهێز بکات.

3ـ ڕێکخستنی دیبلۆماسیەت بۆ پەیوەندیکردن بە وڵاتانی دەرەوە بە مەبەستی دەستکەوتنی یارمەتی. ئینگلیزەکان پێیان ناخۆش بوو شێخ ئەو هەنگاوانەی ناوە، بەتایبەت کەوتنە مەترسی لە دروستکردنی ئەو کۆمەڵەیە (ئەنجومەنی کورد) و لەم ڕووەوە هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمانی بەریتانیا ئەم مەسەلەیەیان ورووژاند، حکومەتی بەریتانیای سەغڵەت کرد و ئەمەش هانی دا زیاتر دژایەتیی کورد بکات، هەروەك (هاندرسن) ڕوونی کردۆتەوە کە ئەم مەسەلەیە لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا بە ئاشکرا دیار بوو.

(ئارشان سافرستیان) لە کتێبەکەیدا (Thk and kurdi stan) چاپی لەندەنی ساڵی (1948) دا دەربارەی تەقەلاکانی شێخ بۆ یەکگرتنی کورد دەڵێت: (بیری پێکهێنانی کۆنگرەیەکی عەشایری کورد لەناو جەماوەری کورددا یەکێك لە ئاواتەکانی شێخ بوو، لەو کۆبوونەوەی سەرۆك عەشیرەتانەی کە شێخ کۆی کردبوونەوە، بۆی دەرکەوتبوو هەتا نەتوانێ هەموو هێزی کورد یەك بخات، هەموو تەقەلادانێکی تری بۆ پەیوەندیکردن بەو وڵاتانەوە شتێکی بێ سوودە) .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دواجار شێخ کۆبوونەوە گەورەکەی گرێدا، لە بەردەم ئامادەبوواندا وتارێکی گرنگی خوێندەوە، کە رۆڵێکی گەورەی لە یەکسختنی ریزەکاندا هەبوو، لەو وتارەدا دەڵێت: (550 ساڵ لەمەوبەر ئیمپراتۆری عوسمانی دامەزرا، عوسمانییەکان بە نارەوا هاتنە سەر کار، دوای 400-500 ساڵ دەوڵەتی عوسمانی لە رێی ئیسلامەتی لایدا و رێگای خوانەناسیی گرتە بەر، لەوساوە لاواز و بێدەسەڵاتە و تا دێت لە رووخان و هەرەسهێنان نزیك دەبێتەوە، ئەم هەرەسهێنانە بە ئەندازەیەك خێرا دێتە پێش کە ئیتر کەس گومانی لەوە نییە کە ئیمپراتۆریەت بەم زووانە تیادەچێت. رۆڵە ئازیزەکانم، با گوێ بۆ ئامۆژگارییەکانی باوباپیرانمان شل کەین و چیتر سەر بۆ ستەم و چەوسانەوەی تورکە خوانەناسەکان شۆڕ نەکەین، نەك هەر ئێوەی کوردی تورکیای عوسمانی، بەڵکو کوردی ئێرانیش دەبێ لەم دوو دەوڵەتە کە تەگەرە لە پێشکەوتنمان دەدەن، رزگاریان بێ، باپیرانمان داواکارن هەموومان لەپێناو ئاین و رزگاریی نیشتماندا تێبکۆشین، بلیمەت و زانایان وتوویانە: کەڵك وەرگرتن لە بارودۆخی لەبار، ژیری و زیرەکییە. ئەمڕۆ فارسەکان بە شەڕی تورکمانەکانەوە خەریکن و هەموو هێزەکانیان بۆ شەڕ ناردووە، کەواتە هەلومەرجی هەڵگیرساندنی جووڵانەوەیەك دژی دەوڵەتی ئێران زۆر لەبار و گونجاوە، دەبێ ئەوەش بزانن کە ئەگەر فارسەکان بە شەڕیشەوە خەریك نەبوونایە، ئێمە هەر لێیان نەدەترساین، چونکە فارسەکان ئەوپەڕی پێیان بکرێت زیاتر لە سەد هەزار شەڕکەریان پێ کۆناکرێتەوە، جارێ زیاتر لە نیوەی ئەو شەڕکەرانە برا کوردەکانی خۆمانن، کە لە ژێر چەپۆکی دەوڵەتی ئێراندان، هەمان هەستی ئێوەیان هەیە، لێرەدا لەبەر ئەوەی بەشێکی بەپیت و دەوڵەمەندی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئێراندایە، ئێمە لە سەرەتادا دژی دوژمنی بێهێز جوڵانەوە بەرپا دەکەین و لە ئەنجامدا دەتوانین براکانمان و وڵاتە هەرە بەپیت و دەوڵەمەندەکەیان رزگار بکەین، ئەمەش کارێکی وا دەکات سەرچاوەیەکی گرنگمان چنگ بکەوێت، دەتوانین بەم سەرچاوە شەڕ لەگەڵ دوژمنی دووەم و بەهێز، واتا تورکە عوسمانییەکان بکەین و پشت ئەستور بین، بەڵام ئەگەر تەنها بە کێوەکانی خۆمان پشت ئەستور بووین، ئەوا ناتوانین مەسەلەی ئازووقە دابین بکەین، ئایا هەڵوێستی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟ ئایا ئێوە ئامادەن رێبازی بەرەوپێشچوون بگرنە بەر؟ ئەگەر لەم بارەیەوە هیچ شتێکتان هەیە، تکایە بفەرموون) .

تورکەکان هەوڵیان دا کە کۆنگرە بە ئاقارێکدا بەرن کە دواجار برژێتە خانەی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەوان، بۆ ئەم مەبەستە بەرتیل (رشوە) یان بە هەندێ لە ئەندامانی کۆنگرە دابوو، ئەو تاقمەی ناو کۆنگرە بە سەرکردایەتیی (شێخ فەهیم) بە هاندانی تورکەکان ویستیان مەسەلەی لێدانی ئەرمەن بهێننە ناو کۆنگرەوە، بۆ ئەوەی لە ئامانجی راستەقینەی کۆنگرە دوور بکەونەوە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە وڵاتانی ئەوروپا بورووژێنن بەرامبەر بە کورد و، شۆڕشەکەیان لە بێشکەدا بخنکێنن.

شێخ هەستی بە مەترسیی ئەم بیرۆکەیە کرد و خێرا هەوڵی دا چارەسەری بکات، نەك هەر ئەوە بەڵکو وەك رۆژنامەی (پۆلتیش کۆرسپۆندیت) لە ژمارە (8) ساڵی (1881) دەڵێت: (شێخ هەوڵی داوە لەگەڵ "ئەخیاندیت ئۆگانیس وارتابێت" سەرۆکی ئەرمەنییەکان و مار شەمعونشیدا یەکتر ببینن لە باشقەلا بۆ دانانی رێبازێك بۆ خەباتی هەردوولا دژی عوسمانی.

کاتێك (سوڵتان عەبدولحەمید) هەست بە مەترسیی ئەم جموجوڵانەی شێخ دەکات، لەم سۆنگەوە موفتیی (وان) دەنێرێت بۆ لای هەتا پێی بڵێ (لە شەریعەتدا نابێت لە گوێڕایەڵی سوڵتان دەربچێت)، شێخیش لە وەڵامدا پێی دەڵێت: (دەوڵەت لە جێبەجێکردنی شەریعەت دوور کەوتۆتەوە و زوڵم زۆر هەیە، وەکو زانا و فەرماندەی گروپێکی ئیسلامی وای دەبینم بەرەنگاربوونەوەی واجبە) .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:10 1-2-2007

هەرچۆنێك بێت کۆنگرەی خێڵە کوردەکان بۆ سەرۆکایەتیی شێخ پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر بەوە گەیشتن کە بەرەنگاری هەردوو لەشکری عوسمانی و ئێران لە یەك کاتدا مەترسیی لێ دەکرێت، بۆیە بڕیاریان دا سەرەتا هێزەکانیان لە ئێران بدەن، چونکە لەو کاتەدا وڵاتی ئێران لاواز بووە و بە شەڕی خێڵی تورکمانەوە خەریك بووە و هەندێ لە هێزەکانی تری ناردووە بۆ سەر سنوری ئەفغانستان ـ ئێران، جگە لە دەست هەڵایسانی شۆڕش لەوێ بنەمایەکی ئابووری دابین دەکرد، دەبووە هۆی کەمکردنەوەی ئەو برسێتییەی کە کوردستانی عوسمانی بەدەستیەوە دەیناڵاند، لەگەڵ ئەوەشدا (شێخ عوبدیدوڵڵا) چەند گوندی لە کوردستانی ئێران بە میرات لە باوکیەوە بۆ مابووەوە و، دانیشتووانەکەی خۆیان بە پشتیوانی شێخی نەهری دادەنا، نەك لایەنگری حکومەتی ئێران.

بەم جۆرە شێخ عوبەیدوڵڵا بڕیاری دا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دەست پێ بکات لە تشرینی یەکەمی ساڵی (1880)، لەبەر ئەمە هێزەکانی خۆی دابەش کرد بەسەر چەند بەرەیەکدا.

1ـ بەشێك لە هێزەکان بە سەرکردایەتیی شێخ عەبدولقادر و هەمزە ئاغا مەنگوڕی و مامش بوو، کە ئەرکیان رزگارکردنی ناوچەکانی موکری، ساباڵغ و میاندا و مەراغە بوو.

2ـ بەشێکی تر بە سەرکردایەتیی محەمەد سدیق کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا بوو، ئەرکی رزگارکردنی شاری ورمێ بوو.

3ـ هێزی سێیەم بە سەرکردایەتیی خەلیفە محەمەد بوو، بۆ رزگارکردنی ناوچەکانی خۆی و سەڵماس.

لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشدا عەرەبەکانی ویلایەتی بەغدایش ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشدا، بە مەرجێ شێخ عوبەیدوڵڵا ویلایەتی موسڵیان بۆ رزگار بکات، لە هەمان ساتەوەختدا زۆربەی هێزە کوردییەکانی کوردستانی ئێران و عێراقی ئێستا دایانە پاڵ بزوتنەوەکەی شێخ و بە ماوەی چەند هەفتەیەك ئیدارەی ئێرانی لە کوردستان نوشوستی هێنا و شێخ عوبەیدوڵڵا ئیدارەیەکی کاتیی پێکهێنا و توانیان ناوچەکانی ساباڵغ و میاندا و مەراغە ئازاد بکەن، لە تەورێزی پایتەختی ئازەربایجان نزیك بوونەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی دیسپلین لە ریزی جەنگاوەرەکاندا و نەبوونی شارەزایی سەربازی لە لای سەرکردەکانی بەرەکان، جگە لەمە هەر خێڵێك هێزەکانی لەژێر سەرکردایەتیی رابەرەکانی خۆیدا هێشتبووەوە و چەکی پێویستیان نەبوو، سەرباری ئەوە کە ئەو هێزانە کەم مەشق بوون و خواردن و ئازوقەکەش هەر عەشیرەتێك دەبوایە خۆی دابینی بکردایە، هاوڕێ لەگەڵ ئەمەشدا ژمارەیەك خەڵکی نەفس نزم لە هۆزەکان بە مەبەستی تاڵانی و زەوتکردن چووبوونە پاڵ بزوتنەوەکەی شێخ، ئەوان بارودۆخەکەیان بە هەل زانیبوو، بۆ فەرهودی گوندە ئازەری و شیعەکان و سەروەت و سامانی گاور نەستورییەکانی ناوچەی ورمێ، کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی کاتیی کوردەوە، ئەمەش خاڵی لاوازی دا بە دەست دوژمنانی کوردەوە، کە کوردان (نازانن شەڕی نیزامی رێکوپێك بکەن، لە کۆمەڵە تاڵانچییەك بەولاوە چیتر نین)، دەرەنجامی ئەمەش ئەمریکا بە رەسمی دانی نا بە دەوڵەتی ئێراندا و لە ساڵی (1882) نوێنەری سیاسیی خۆی بۆ دەوڵەتی ناوبراو رەوانە کرد.
یەکگرتوو ژ. 623

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.